5ی ئابی 2014 بۆبلاوکردنەوی دەستبەجێ

بەیاننامەی باڵیۆز سەمانسا پاوەر نوێنەری هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کەمینەنەتەوەیی و ئایینیەکان لە عێراق

بەتوندترین شێوە هێرشەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ سەر شەنگال و زومار لە پارێزگای نەینەوا ئیدانە دەکەم کەبووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس, بەزۆری لە کۆمەڵگەی ئەو کەمینانەی رووبەرووی مەترسی دەبنەوەو, قەیرانی ناڵەباری مرۆیی عێراقی قوڵترکردەوە. خراپ بەکارهێنان و, ڕفاندن و, ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکانی عێراق و تێکدانی رێکخراوی شوێنەوارە ئایینی و کەلتوریەکان لەلایەن داعشەوە قێزەونە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی هێزە ئەمنیەکانی عێراق و پێشمەرگە دەکات کەوا کار بۆ بەرگریکردن لەو ناوچانە دەکەن دژی داعش. هانی هەموو لایەنە عێراقیەکانی ململانێکە دەدەین رێگە بەهاتنە ناوەوەی سەلامەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوشانەکانی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی مرۆیی پاراستنی ژیان بگەیەنن, بۆ ئەو خێزانە عێراقیانەش کەوا لەلایەن داعشەوە لە چیای شەنگال گەمارۆدراون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندە بە یارمەتیدانی خەڵکی عێراق لەکاتێکدا رووبەرووی تەحەدا ئەمنی و مرۆییەکان دەبنەوە لە شەڕکردنیان دژ بە داعش. سەرکردە عێراقیەکان پێویستە بە خێرایی هەنگاوبنێن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی تەواو گشتگیر کەوا وەلامدەرەوەی ماف و خولیاو نیگەرانیە ڕەواکانی هەموو کۆمەڵگاکانی عێراق بێت. پێویستە هەموو عێراقیەکان بەیەکەوە بوەستن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی عێراق دەگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوێک بۆ ئاشتی داهاتوو و رێگەگرتن لە داعش لە تێکدانی هەمەچەشنەیی زیندووی عێراق.

###